خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی زاڵم وستەمکار؛ بەڵام کە گرتی ئەوا بەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی زاڵم وستەمکار؛ بەڵام کە گرتی ئەوا بەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە». پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: «{ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ } }[هود: 102] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری دەدات سەبارەت بە زێدەڕۆیی کردن لە ستەم کردن بە تاوان وشیرک وستەمکردن لە خەڵکی بە پێشێل کردنی مافەکانیان، خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی ستەمکار وسزای دوادەخات وتەمەنی درێژ دەکات وسامانی پێدەدات ودەستبەجێ سزای نادات؛ ئەگەر تەوبە نەکات ئەوا دەیگرێت وبەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە لەسەر ئەو ستەمە زۆرانەی کردوویەتی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ} [هود: 102] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5811

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee